UDI
Norwegian Directorate of Immigration

زانیاری بۆ ئەو کەسانەی کە داوای یەکبوونەوەی خێزان دەکەن لە نەرویج.

زانیاری بەیەکتر بۆ ئەوەی بتوانن باری ئابووری خێزان هەڵبسەنگێنن.

گواستنەوە بۆ ووڵاتێکی تازە دەرفەتی نوێ و بەربەرەکانی نەناسراو بە مرۆڤ دەدات. بەدەست هێنانی زانست دەربارەی ئەم ووڵاتە تازەیە گەلێك گرنکەبۆ ئەوەی بتوانرێت بە چاکترین شێوە گوزەرانی تێدا بکرێت.
بەداخەوە کە هەندێ کەس دوای گواستنەوەیان بۆ نەرویج، دووچاری بارودۆخی سەخت دەبن. جا گەلێك بەسوودە کە مرۆڤ بزانێت چۆن ڕەفتار بکات. ئەم زانیاریانە سەبارەت بە هەندێ بابەتە کە لەوانەیە گرنگ بێت بۆ هەندێ لەو کەسانەی کە دەگوێزنەوە بۆ نەرویج.

کۆکراوەی نووسراوەکانی یاسا

یاسای نەرویجی بەرکارە لەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە لە نەرویجدا دەژین.
ئەگەر دژایەتی لە نێوان یاسای نەرویجی و یاسای دینی/ئایینی دا دروست ببێت، بەبەردەوامی یاسای نەرویجیە کە کاری پێدەکرێت. یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو دا دەستوورێکی باوەڕپێکراوی سەرەکییە لە نەرویج، ئەمەش لە یاسای نەرویجیداداڕێژراوە .
ژن و پیاو مافیان یەکسانە لە بواری خوێندن و کار و بەرەو پێشەوە چوونی کولتوری و زانستی.
جوداسازی لە موعامە لە لە بەر هۆی دینی/ئایینی ، ڕەگەز وە یان جنس قەدەغەیە.

هاوسەرێتی

فرەهاوسەرێتی قەدەغەیە.
هاوسەرێتی کردن لە گەڵ زیاتر لە کەسێك قەدەغەیە.
فرەهاوسەرێتی دەتوانرێ سزای زیندانی پێ بدرێیت.
ئەگەر فرەهاوسەرێتی لە دەرەوەی ووڵاتدا ئەنجامدرابێت، تەنها یەك هاوسەر مافی یەکبوونەوەی خێزانی هەیە لە نەرویج.
بەپێ ی یاسای نەرویج هاوسەرەکان بەرپرسیارن بەرامبەر بە بەخێوکردنی یەکتری و منداڵەکانیان.
هەروەها هاوسەران بەرپرسیارن بەرامبەر بە دانی

لێك جودابوونەوە(تەڵاقدان)

ژن و پیاو مافیان یەکسانە سەبارەت بە داواکردنی تەڵاق(جودابوونەوە). یاسای جودابوونەوەی نەرویجی جوداسازی ناکات لە بەر هۆی جنس، ڕەگەز، وە یان گرووهی دینی/ئایینی، نە لە مافی جودابوونەوە وە یان پاکتاوکردنی حیسابی ئابووری لە دوای جودابوونەوە.
تا چ ڕادەیەك جودابوونەوەیەك لە نەرویج کرابێت، پەسەند بکرێت لە ووڵاتێکی تردا، وابەستەیە بە یاسای دەوڵەتی ئەو ووڵاتە.
یاسای سەبارەت بە بەخێوکردنی ڕۆژانە و بەرپرسیاری منداڵ لە دوای جودابوونەوە هەر هەمانە بۆ هەردوو ژن ومێرد.

منداڵ

منداڵ مافی تایبەتی خۆی هەیە لە نەرویج.
بەپێ ی یاسای نەرویجی منداڵ کەسێکە کە تەمەنی لە ژێر ١٨سالە. منداڵ مافی یاسایی سەربەخۆی هەیە و مافی بەخێوکردنی پێویستی هەیە لە لایەن دایك و باوکەوە. منداڵ ئەرك و مافی چوونە قوتابخانەی هەیە لەتەمەنی شەش ساڵیەوە تا تەواوکردنی پۆلی ١٠ ی قوتابخانە. ئەرکی سەرشانی دایك و باوکە کە ئاگادار بن لە چوونی منداڵ بۆ قوتابخانە.
دەوڵەت هەڵدەستێ بە بەرپاکردنی بەرنامەی تایبەت، ئەگەر منداڵ یان لاو لە بارودۆخێکدا بژی کە زیانی هەبێت بۆ تەندروستی یان پێشەوە چوونی. سزادانی بەدەنی/لە شی منداڵ قەدەغەیە، ئەمەش مانای ئەوەدەگەێنێ کە بۆ نموونە لێدانی منداڵ قەدەغەیە.

زەبروزەنگ(توندوتیژی)

ئەوکەسانەی کە دووچاری زەبروزەنگ دەبن، مافی یارمەتی دانیان هەیە لە لایەن دەسەڵاتدارانی نەرویجیەوە. ئەمە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە دووچاری زەبروزەنگ دەبن لە لایەن کەس و کاریانەوە.
لە نەرویج بە کارهێنانی زەبروزەنگ لە ناو خێزاندا دە بێتە مایە ی سزادان ، وە پۆلیس بەگرنگی دەزانێت کە زەنگ وزەبری ناو خێزان لێ ی بکۆڵرێتەوەو تاوانباران سزابدرێن. لە پاڵ توندوتیژی بەدەنی و دەروونی، هەڕەشە کردن و زۆرلێکردن و کە متە

رخه می له بەخێوکردن وەك زەبروزەنگ تەماشا دەکرێت له نەرویج.
ئەوکەسەی که زەبرووزەنگ بە کاردێنێت، و لە وانه دژ بە هاوسەری یان منداڵی خۆی، لە وانه یە سزای زیندانی تا ٨ ساڵی پێ بدرێت. سزای زەبروزەنگ بەرامبەر بە ئەندامانی خێزان توو ند تره له سزای زەبرووزەنگی تر.
ئەو ئافرەتانەی كه ئیقامەیان پێدراوە لەسەر بناغەی یەکبوونەوەی خێزان لەگەڵ مێرد یان هاوژین، دەتوانن داوای ئیقامەی سەربەخۆ بکەن، ئەگەر دووچاری ئازاردانی بەدەنی وه یان دەروونی ببن. ئەمە کایگەره هەرچەندە ئەگەر ئه وان لەگەڵ پیاویدا نەژین.

بەگشتی دەتوانرێت داوای ئیقامەی دایمی بکرێت دوای سێ ساڵ ئیقامه لە سەر بناغەی یەکبوونەوەی خێزان له ووڵاتدا . پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکە لە کاتی ڕوودانی زەبرووزەنگی کتوپڕدا لە ڕێ ژمارەی تەلەفۆن ١١٢ وه. ئەو ژنانەی که دووچاری/توشی هەرجۆرێك زەبرووزەنگ دەبن دەتوانن پەیوەندی بە یەکێك له سه نته ره کانی پاراستنی ئافرەتەوە بکەن. سێنتەری پاراستنی ئافرەت بە رگری و یارمەتی ئافرەتانی زوڵم وزۆرلێکراو دەدەن.

زانیاری بەسوود

ڤیزه

نەرویج له هاوکاری شێنگن دا بەشداره. ڤیزەی سەردان بۆ ووڵاتەکانی شێنگن بە مەرجێك دەدرێت كه داواکەر ئەو ناوچەیە بە جێ بهێڵێت دوای تەواو بوونی ماوەی ڤیزەکەی. ئەگەر تۆ ماوەیەکی درێژتر لە ماوەی ڤیزەکەت لە نەرویجدا بمێنیتەوە، لە وانه یه له ووڵات دەربکرێیت. وەلەوانەیە دووچاری تەنگ و چەڵەمە ببیت لەکاتی داواکردنی ڤیزه یان ئیقامه له پاشەڕۆژدا.
ڤیزەی سەردان مافی کارکردنت لە نەرویج پێت نادات.
باڵوێزخانەکان دەتوانن زانیاری زیادترت پێت بدەن سەبارەت بە ڤیزه.

ئیقامەو مەرخەسی/ئیجازه ی کارکردن

دەتوانیت لە باڵوێزخانەکانی نەرویجه وه داوای ئیقامەو مەرخەسی/ئیجازه ی کارکردن بکەیت. ئەگەر سێ ساڵ خوێندنی پیشەییت هەبێت لە دوای خوێندنی ناوەندی، دەتوانیت داوی مەرخەسی/ئیجازه ی کارکردن وەك لێزان بکەیت.
ئیقامەو مەرخەسی/ئیجازه ی کارکردن لەنەرویج، دەبێت هەموو ساڵێك تازەبکرێتەوە. دوای سێ ساڵ دەتوانرێت داوای ئیقامەی دایمی بکرێت. ئیقامەی دایمی سنووری کاتی نی یه بۆیه پێویستی بە تازەکردنەوەی نیە. باڵوێزخانەکان دەتوانن زانیاری زیادترت پێ بدەن تەماشای/سه یری ئەم ماڵپەڕەش بکە: www.udi.no.

له نەرویج

زۆربەی شارەوانییەکان ڕێنیشاندەری پەنابەریان هەیە. ڕێنیشاندەری پەنابەر کەسێکە کە بەڕە زامه ندی دڵی خۆی یارمەتی کۆچەر/موهاجر و پەنابەر دەدات لەبواری ئامۆژگاری پێدان وڕێنیشاندان.

لە ڕێی ڕێنیشاندەری پەنابەر، دەتوانیت شاره زایی زیاتر پەیدا بکەیت سەبارەت بە کۆمەڵگای ناوچە و کۆمەڵگای نەرویجی بە گشتی، وهه روه ها زمانی نەرویجی بە کاردێنی. ئەم بەرنامەیە بەلاشە.
پەیوەندی بە شارەوانیەوە بکە بۆ بەدەست هێنانی زانیاری زیادتر دەربارەی ڕێنیشاندەری پەنابەر.

زۆربەی شارەوانییەکان بەرنامەی فێرکردنی زمانی نەرویجیان هەیە بۆ کۆچەران/موهاجره کان.
پەیوەندی بە شارەوانیەوە بکە بۆ بەدەست هێنانی زانیاری زیاتر.

جێگای پە یوه ندی کردن

خۆ یارمەتی دانی پەنابەرانwww.seif.no
خاچی سووری ئۆسلۆ یارمەتی و ئامۆژگاری دەدات دەربارەی هاوسەریکردنی بەزۆرەملێ. تەلفۆن: ٨١٥٥٥٢٠١ له کاتژمێری ٩ وه تا ١٨ .
www.krisesenter.com ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی هەموو سەنتەرەکانی پاراستنی ئافرەتانیان لە نەرویجدا لا دەست دەکەوێت.
بەڕێوەبەرایەتی کار- بۆ یارمەتی وه رگرتن سه باره ت داواکردنی کار. پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی کاری

ئەو ناوچەیە بکە کە تۆ تێیدا دەژی یان
www.aetat.no
بەڕێوەبەرایەتیکار و باری بێگانە (UDI):
www.udi.no - ٢٣٣٥١٥٠٠
پۆلیس : ٠٢٨٠٠
حاڵەتی ناچاری کتوپڕ ئاگرکوژاندنەوە تەلەفۆن: ١١٠
، پۆلیس تەلەفۆن١١٢ ، ئەمبولانس تەلەفۆن ١١٣